# بەراوردی بۆگەڕاوە و جێناوەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بە پێی تیۆری بەستنەوە

بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی

م.ی. غفور عارف خضر
ghafoor.khudhur@univsul.edu.iq

پ.ی.د.عثمان كريم عبدالرحيم
othman.abdalrahim@univsul.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٣/٢٧ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٥/٢٥

**پوختە:**

توێژینەوەکە بە ناوی (بەراوردی بۆگەڕاوە و جێناوەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بە پێی تیۆری بەستنەوە)یە، سەرەتا پێداچوونەوەیەکی بە بۆچوونەکانی پێشووی زمانی کوردی کردووە هەڵسەنگاندنی تایبەتی و گشتی بۆ هەندێک بەرهەمی ڕێزماننوسەکانی پێشوو کراوە. تیۆری ڕێزمانی (دەسەڵات و بەستنەوە)، کە تیۆرییەکی گشتگیری ڕێزمانی جیهانیی (U.G)یە، تیۆری بەستنەوە کە وەچە تیۆرییەکی ئەو ڕێزمانەیە، لە سەر بنەمای بەستنەوەی هاوئاماژەییەکانی پێشینە (Trace)و بۆگەڕاوەکانیان (Anaphor) دامەزراوە، سێ بنەمای هەیە؛ لە یەکەمیاندا کە جێناوە خۆیی و جێناوە هاوبەشەکان لەگەڵ پێشینەکانیاندا لە ڕستەدا بەستراوە دەبن و بنەمای دووەم و سێیەم کە بریتین لە جێناوە کەسییە سەربەخۆکان و ناوی ئاماژەدەرەکان ئازاد دەبن، هەرچەند بنەمای یەکەم و دووەم لە زمانی کوردیدا زۆر پێکهاتەی تریش هەن بۆ هەمان بنەما دەتوانرێت بەکار بهێنرێنەوە واتە بەستراوە دەبن، وەک هەندێک لە جێناوە هاوبەش و دیار و نادیارەکان، هەروەها هەندێک جاریش جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لەگەڵ ئەوەی ئازادن بەستراوەش بن، بە تایبەت لە ڕستەیەکی شوێنکەوتوودا جێناوە سەربەخۆکە لەگەڵ ناوی بکەری ڕستەکە (پێشینەکەی) هاوئاماژە دەبن، بۆ هەرسێ بنەماکە و هەموو ئەو ڕستە کوردییانەی دەچنە ناو تیۆری بەستنەوە لەگەڵ نمونەی ڕستەی زمانی ئینگلیزی هێنراوەتەوە و بەراوردکراون.

کلیلەوشە: جێناوی خۆیی ، ئەنافۆر ، بۆگەڕاوە، تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ، تیۆری بەستنەوە.

## 0/ پێشەکی:

0-1/ ناونیشانی توێژینەوە: (بەراوردی بۆگەڕاوە و جێناوەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بەپێی تیۆری بەستنەوە) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی بنەماکانی تیۆری بەستنەوە بەراوردکردنیان لە ڕستەی هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا.

0-2/ ڕێبازی توێژینەوە: پەسنکردنی بنەماکانی تیۆری بەستنەوە لە زمانی کوردی و پاشان بەراوردکردنی لەگەڵ ڕستەی زمانی ئینگلیزی بە مەبەستی دەرخستنی لایەنە لێکچوو و جیاوازەکان لە هەردوو زماندا، بە سوود لە هەردوو ڕێبازی پەسنی (وەسفی) و بەراوردکاری وەرگیراوە.

0-3/ سنوور و بایەخی توێژینەوەکە: جێناوەکان و ناوە ئاماژەدەرەکان لە زمانی کوردیی و زمانی ئینگلیزیی پەسنکراون و پاشان بەراوردی نموونەکانیان کراوە، هاوکات بایەخی توێژینەوەکە بەشێکی گرنگی لایەنە سینتاکسییەکانی زمانی کوردیی لە پاڵ زمانێکی زیندووی وەک زمانی ئینگلیزیی لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا دەخاتەڕوو.

0-4/ ناوەرۆکی توێژینەوەکە: لە پێشەکییەک و دوو بەش و چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا پێداچوونەوە بە چەند سەرچاوەیەکی پێشوو دەربارەی جۆرەکانی جێناو لە زمانی کوردیدا کردووە و پاشان بەپێی پێویست هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە. لە بەشی دووەمدا تیۆرەکانی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە خراونەتەڕوو، پاشان بنەماکانی تیۆری بەستنەوە باسکراون و شییکراونەتەوە ڕستەی زمانی ئینگلیزی لە بەرانبەر ڕستە کوردییەکان هێنراونەتەوە و پاشان بەراورد کراون.

**1/ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی هەندێک سەرچاوەی پێشوو:**

یەکەم: (نوری عەلی ئەمین 1960) لە توێژینەوەی (ڕێزمانی کوردی) جێناوی بە سەر حەوت جۆر دەستنیشان کردووە، وەکو جێناوی کەسیی سەربەخۆ و لکاو ئیشاری و گەیەنەر و پرسیاری و نادیار، کە دەڵێت: "ئەو ڕاناوەن کە بە موعەیەنی جێ ی کەسێ یا شتێ ناگرن، فۆرمەکانی (یەکێ ، کەس ، فلان ، فیسار ، کابرا". (ڕاناوی هەیی) و (ڕاناوی خۆیی) لە باسی جێناوی خۆییدا دەڵێت: "لە وشەی (خۆ) و ڕاناوی کەسیی لکاوی (م-مان، ت-تان، ی-یان) دروست دەبێت و لە ڕستەدا بۆ تەوکید بەکاردێت وەک: من خۆم دەیبینم و پێی دەڵێم". (ئەمین 1960، 88-104)

دووەم: کتێبی (ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەمی وشەسازی بەشی دووەم جێناو)ی ڕێزماننوسی(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە ساڵی (1987) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سەرتاپای ئەم کتێبە بۆ جێناو تەرخانکراوە، بەشی یەکەمی بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشووتر تەرخانکردووە، دواتر توێژینەوەکانی خۆی خستۆتەڕوو، دەڵێت: "جێناو لە نێو بەشە ئاخاوتنەکانی دیدا جێگایەکی دیار و تایبەتی هەیە". یانزە جۆر جێناوی نمایندە کردووە، لەوانە: 1)جێناوی کەسیی جودا لە دیالێکتی کرمانجی سەرودا، لە ڕووی ژمارە و کەس و دۆخی ڕاستەوخۆ و تیان. 2) جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست (کە بە خواروو نوسراوە) کردویەتی بە دوو جۆرەوە: أ) جۆری بەهێز وەک (م-مان ، ت-تان ، ی-یان). ب) جۆری بێ هێز، لەگەڵ کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ وەک (م-ین، ی-ن ، سفر(.)-ن) . 3) جێناوی خۆیی، وێنەی جێناوی خۆیی لە ئاوێستا و دیالێکی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو نیشانداوە، جێناوی خۆیی لە (خۆ) و جێناوی لکاو پێکهاتووە. 4) جێناوی نیشانە. 5) جێناوی پرسیار 6) جێناوی چەندێتی. 7)جێناوی هەیی. 8) جێناوی نەفی. 9) جێناوی هاوبەش وەک (یەکتر) لە ژمارەی (یەک) وئاوەڵناوی (تر) پێکهاتووە، هەروەها لە هەندێک ناوچەدا (یەکدی) و (یەکدوو)ش وەک جێناوی هاوبەش بەدیدەکرێن. 10) جێناوی دیار و نادیار ، جێناوی دیار وەک (هەموو ، کەس). 11) جێناوی لێکدەر. (مارف 1987)

سێیەم: لە کتێبی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی)، کە لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە دانراوە، کە لە نۆ بەش پێکهاتووە، بەشی دووەمی تایبەتکردووە بە جێناو حەوت جۆر جێناوی تۆمارکردووە، سەرەتا جێناو (ڕاناو)ی وەک زاراوە و چەمک بەکارهێناوە، زۆرجاریش وشەی (ضمیر)ی عەرەبی بەکارهێناوە، جۆرەکانی 1.(ضمیر متصل)ی بە دوو بەش ئاشکرا وەک (خوێندم)، شاراوە وەک (نوست). 2.(ضمیر منفصل)یش وەک (من خوێندم). جێناوەکانیش وەک: أ) (ڕاناوی کەسی) لکاو و جودا. ب)(ڕاناوی خۆیی) وەکو (من خۆم هاتم). پ) (ڕاناوی ئیشاری) وەک ئەمەوە، ئەوە. ت) (ڕاناوی گەیەنەر وەک: ئەو کچەی کە لەگەڵمدا دەرۆیشت خوشکم بوو). د) (ڕاناوی پرسیاری، وەکو کێ، چۆن، چلۆن، کوا ، کام، کەی ، کوێ ، چی ، چما، چەند ...). ز)(ڕاناوی نادیار وەکو: یەکێ ، کەس ، فڵان ، فیسار ، کابرا ، هین ، هەرامە). ر) (ڕاناوی هەیی وەکو: هی من ، هی تۆ).. (کورد 2018)

چوارەم: کتێبی (ڕێزمانی کوردی) کە لە لایەن (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو)ەوە لە ساڵی (2015)ەوە ئامادەیکردووە، کە لە دە بەش پێکدێت، هەر بەشە و بۆ یەکێک لە بەشەئاخاوتنەکان تەرخانکراوە، بەهەمانشێوە (11) جۆر جێناوی وەک بەشە ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا دیاریکردووە، لەوانە 1) جێناوی کەسیی (سەربەخۆ و لکاو) 2) جێناوی نیشانە. 3) جێناوی خۆیی، کە دەڵێت: "یەکێکە لە جۆرەکانی جێناو لە ڕووی واتاوە، کە خاوەنێتی و خاوەنداری دەگەیەنێت. فۆرمی جێناوی خۆیی لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (خۆ)یە، کە بۆ هەرسێ کەسەکانی یەکەم (قسەکەر) ، دووەم (گوێگر)، سێیەم (نائامادە) بەکاردێ". بەم شێوەیەی خوارەوە:- وەک (خۆم – خۆمان ) ، (خۆت – خۆتان ) ، (خۆی – خۆیان). لە لاپەڕە (47) دا دەڵێت: "جێناوی خۆیی لە ڕووی ڕەگەز و ژمارە و دۆخەوە بێلایەنە". 4) جێناوی هەیی. 5) جێناوی هاوبەش، کە هاوبەشی لە نێوان دوو کەس یان دوو شت دروست دەکات. 6) جێناوی نەرێنی (نەفی). 7) جێناوی چەندێتی. 8) جێناوی دیار (هەموو ، گشت ، هەر ، تەواو). 9) جێناوی نادیار وەک: (فڵان ، فیسار ، کابرا ، کەسێک ، شتێک ، یەکێ ، یەکێک ...). 10) جێناوی پرسیاری. 11) جێناوی لێکدەر. (خۆشناو 2015، 37-50)

پێنجەم: نامەی ماستەری (ئەنافۆر لە زمانی کوردیدا) لەلایەن توێژەر (سارا حسەین خالید)ەوە لە ساڵی 2013 پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، لە پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە (121) لاپەڕە پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا چەمکی بۆگەڕاوە (ئەنافۆر)ی خستۆتەڕوو؛ بۆگەڕاوەی وەک بەشێک لە ئاماژەپێکراو داناوە و لە پێناسەی بۆگەڕاوەدا دەڵێت: "بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو کەرستەی زمانیی، یەکێکیان سەرەکییە و ئاماژەبۆکراوە ئەوی تریان لاوەکییە و ئەنافۆرەکەیە و گەڕانەوەیە بۆ پێشەوە". (خالید 2013، 11) بەشی دووەم کۆزانیاریی سینتاکسی و سیمانتیکی و کۆتا بەشی بە ناوی ئەنافۆر و تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە.

1-1/ هەڵسەنگاندنی تایبەتی بۆ توێژینەوەکانی پێشوو:

1. ڕێزمانی کوردی (نوری عەلی ئەمین)، بۆ ئەو سەردەمە بە ئێستاشەوە جێی گرنگ و بایەخی خۆی هەیە و بە یەکێک لە توێژینەوە بەپێزەکان دادەنرێت، ئەوەی گرنگە لەم توێژینەوەیەدا حەوت جۆر جێناوی دیاری کردووە، لە جێناوی خۆیدا بە دوو بەش جێناوی خۆیی لە ڕووی پێکهاتنییەوە دیاریکردووە، کە لە وشەی (خۆ) و جێناوی کەسیی لکاو دروست دەبێت، ئەوەی ڕوونە لێرەدا ئەوەیە بە هەردوو پێکهاتەکەیەوە جێناوی خۆیی پێکهێناوە، (خۆ) وەک بەشی یەکەمی جێناوەکە وشەیەک نییە، بەڵکو پێکەوە وەک وشەیەک، ڕۆڵی بۆگەڕاوەی لە زمانی کوردیدا بینیوە.

2. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) جێناوی (Ø) ی بۆ تـافی ڕابـردووی تێنەپەڕ و ڕانەبـردووی تێپەڕ و ڕانەبـردووی تێـنەپەڕ دانـاوە، بەڵام وەک دەردەکەوێـت تەنـانەت لە نمونەکـانی نـاو کتێبەکەشـیدا، تەنیـا لە تـافی ڕابـردووی تێـنەپەڕدا مۆرفیمی تاف سفرە، بەڵام ئەو لە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕیش هەر سفری داناوە. نمونەکـانی زیـاتر دەقی هۆنراوەی فۆلکلۆر و شیعری کلاسیک و نوێی نوسیوە.

3. کتێبـی (ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کـوردی) کە لە لایەن (کۆڕی زانیـارییەوە) بە هاوبەشـیی بەشـە ئاخاوتنەکانیـان جیـا کـردۆتەوە ئەمەش بە لایەنـی باشـەی ئەو کتێبە بـۆ ئەو سـەردەمە بە ئێستاشـەوە دادەنرێـت، بە هـۆی کـاریگەری زمـانی عەرەبـی و زۆرجـاریش ڕێزمـانی زمـانی عەرەبـی و زاراوە عەرەبییەکـان لەم کتێـبەدا بەکـارهێنراون، بە لای ئـێمەوە ڕێزمانی عەرەبی بۆ خۆی و ڕێزمانی کوردیش بـۆ هاوزمـانی کـورد، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، نابێت سوود لە ڕێزمـانی جیهـانی نەبینـین، هەمـوو زمـانێکیش کـاریگەری لە سـەر زمـانی دراوسـێکەی هەیە، بەڵام ئەوەی ئـێمە دەمـانەوێ بیڵێـین ئەوەیە ئەو زمـانە دراوسـێ و جیهانییـانە بە ڕێزمـانی خۆمـان ئاشـنا بکەیـن نەوەک بـیکەین بە بەرگێـک و بە بەری ڕێزمانەکەمانیدا بکەین. بۆ نمونە (جێناوی شـاراوە / ضـمیر مسـتتر) لە زمـانی کوردیدا نییە، چونکە تەنیـا لە کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا جێناوی کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێت، بەڵام لەوانی تردا دەرکەوتووە، وەک (چووم – چووین ، چوویت – چوون ، چوو Ø– چوون).

4. کتێبـی (ڕێزمـانی کـوردی)، کە لە لایەن (نەریمـان عەبـدوڵڵا خۆشـناو)ەوە چـاپ و بڵاوکـراوەتەوە، کە (11) جۆرجێناوی دەستنیشان کردووە و بەشێک لەو جێناوانە وەکو خۆی لە سەرچاوەکانی پێشووتردا بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی هەیە تەنیـا ئەو جێنـاوانەی پێشـوو باسـکراون پـۆلێنکردووە، کە بەشـێک لەو جێنـاوانە قسـەی زۆر هەڵدەگرن، دەبـێ ئەوە بزانرێت لە سەر چ بنەمایەک ئەو جێناوانە جێناون! بـۆ نمونـە لە جێنـاوە دیارەکانـدا، تاکبەنـدی (هەر) کە زیـاتر دەکەوێتە پێش ناو و جێناوی کەسیی سەربەخۆ و جێناوی خۆیی و تەنـانەت دەچێتە پێش (هەمـوو) لە جێنـاوی نادیـاردا. وەک (هەر ئـازاد – هەر مـن – هەرخـۆم – هەرهەموومـان...). هەروەهـا بـۆ جەختکـردنەوەی نەرێ وەک (هەرنـایەم ) واتە دەچێتە پێش پێکهاتەی کرداریش. (تەواو) یش نازانرێت لە سـەر چ بنەمـایەک بـووەتە جێنـاو، کە زیـاتر ئـارەزووی هـاتنی لەگەڵ کـرداری (بـوو) دایە، هەنـدێکجاریش دێتە پێش دیـارخراو و وەک دیـارخەرێکی پێش سـەرە دەردەکەوێـت، بـۆ نمونـە (-تەواوی خوێندکارەکان هاتوون). نموونەکە ئەوە دەردەخات، کە وشـەی (تەواو) وەکو جێنـاوێکی نادیـار لە پـاڵ (هەمـوو ، گشت)دا پۆلێن بکرێت، وەکو ئەرکی سینتاکسیش دیارخەری پێشەوەی دیارخراوی هەیە.

5. نـامەی ماسـتەری (ئەنـافۆڕ لە زمـانی کوردیـدا) تێـڕوانینە نوێیەکـانی لە سـەر بـۆگەڕاوە و جێناوەکـان و نـاوە ئاماژەدەرەکـان، کە هەرچەنـدە بە پێـی تیۆرەکـانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە، بەڵام بەشـێکی گرنگـی بـۆ تیـۆری بەسـتنەوە تەرخـانکردووە، هاوکـات جـگە لە جێنـاوی خـۆیی جێنـاوی هاوبەشـی وەک بـۆگەڕاوە دانـاوە بەپێـی تایبەتمەنـدی سـێیەمی بـۆگەڕاوە، کە دەڵێـت: ''ئەنـافۆڕ تـایبەت نییە بە یەک کەرەسـتە، وەک جێنـاوی خـۆیی و جێنـاوی هـاوبەش، واتە هەمـوو ئەنافۆڕێک جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش نییە، هەمـوو جێنـاوێکی خـۆیی و هاوبەشـیش ئەنـافۆڕ نین.'' (خالیـد 2013، 20) جگەش لە جێنـاوی خـۆیی و جێنـاوی هـاوبەش چەنـد جێنـاوێکی تـریش هەن، بە پێـی هەمـان ڕێسـای یەکەمـی تیـۆری بەستنەوە دەتوانرێت ببن بە بۆگەڕاوە، وەک جێناوی دیار و نادیار.

2-1/ هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ توێژینەوەکانی پێشوو:

sjh@univsul.edu.iq

بـوونی ئەو تـوێژینەوانە لە زمـانی کوردیـدا، کەلێنێکـی گەورەی لە پەرتوکخـانەی کوردیـدا پڕکـردووەتەوە، چـونکە ئەنجامدانی توێژینەوە و فرەسەرچاوەیی لە هەر بابەتێکدا بە تـایبەتی ڕێزمـانی کوردی پشتیوانێکی پتەو دەبێت، بۆ ڕاگرتنی کۆڵەکەیەکی گرنگی زمانەکەی، هەریەک لەو توێژەرانە کـاری پڕ بەرهەم و گرنگیی ئەنجامداوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ئەو توێژینەوانە ئەوە دەخەنەڕوو، کە لە زمانی کوردیدا بەشە ئاخاوتنی جێناو پڕ بەرهەمە، بە بوونی چەندین گرووپی جێناوە لە زمانی کوردیدا.

ئەوەی گرنگە لە ناو ئەو جێناوانەدا تەنیا (4) گرووپیان دەتوانن وەک بۆگەڕاوە لە ڕستەی کوردیدا دەردەکەون، ئەوانـیش بـریتین لە: أ) جێنـاوە خۆییەکـان، وەک (خـۆم – خۆمـان ، خـۆت – خۆتـان ، خـۆی – خۆیـان). ب)جێنـاوی هـاوبەش، وەک (یەکتـر / یەکدی) لەبەرئەوەی لە ڕووی ژمـارەوە لە یەک زیـاترن، بۆیە تەنیـا جێنـاوە کەسییە لکـاوە کۆیەکان وەردەگرن. وەک(یەکترمان – یەکترتان – یەکتریان). پ) جێنـاوی دیـار وەک (هەمـوو – گشـت) چەمکێکـی کۆ لەخۆدەگرن بۆیە ئەمانیش (مان – تان – یان) وەردەگرن. ت) هەروەها تەنیـا یەک جێنـاوی نادیـاری وەک (یەکـێ/ یەکێـک) کە هەمیشـە لەگەڵ کـرداری (بـوو) بەکاردەهێنرێـت، وەک بـۆگەڕاوەیەک دەتـوانن لەگەڵ پێشـینەکانیاندا هاوئاماژە ببن و ببەسترێنەوە. بۆ نمونە:

1. <u>من</u> <u>خۆم</u> دەنگم دا.
   i i
2. <u>خەج و سیامەند</u> <u>یەکتریان</u> خۆشدەویست.
   i i
3. <u>ئێمە</u> <u>هەموومان</u> لێرەین.
   i i
4. <u>ئەو</u> <u>یەکێک</u>بوو لە خوێندکارە زیرەکەکان.
   i i

یەک گرووپی جێنـاویش زۆرجـار لە نـاو ڕستەکانـدا ئـازاد دەبن و دەچنە نـاو بنەمـای دووەمـی تیۆری بەستنەوەوە، هەندێکجاریش بە تایبەت لە ڕستەی شوێنکەوتوودا لەگەڵ جێنـاوە سـەربەخۆکە هاوئامـاژە و بەسـتراوە دەبـن بەتـایبەت ئەو کاتەی پێشینەکەی ناوێک بێت. بۆ نمونە

1- <u>من</u> <u>تۆم</u> بینی.
   j i
2- <u>ئازاد</u> پێیوایە، <u>ئەو</u> بەهێزە.
   j i
   i i

sjh@univsul.edu.iq

ڕستەی یەکەم تەنیا واتا هەڵدەگرێت ئەویش پەیوەندیی نێوان بەشە بەرکاری (تۆ) و بەشە بکەری (من) جیائاماژەن و ئازادن، لە ڕستەی دووەمدا دوو بۆچوون، یان وردتر بڵێین ڕستە ئاڵۆزەکە دوو دروستەی قوڵ لەخۆدەگرێت، کە لە یەکەمیاندا جیائاماژەن و ئازادن و لە دووەمیاندا هاوئاماژەن و دەبنە بۆگەڕاوە و بەستراوە دەبن.

2/ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government and Binding)

ئەم تیۆرە لە دووتوێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە پێکدێت، بە ئەکرۆنیمی (G.B) ناسراو و بەکارهێنراوە، لە ساڵی 1981 لە وانەکانی (نوام چۆمسکی Chomsky Noam) بە شێوەیەکی سەرەتایی دەگوترانەوە دواتر لە کتێبی ( of language knowledgeزانیاری دەربارەی زمان) ساڵی 1986 بە تەواویی چەسپاندی، لە چەند تیۆرییەک پێکدێت: أ. تیۆری ئێکس باڕ X-Bar. و ب. تیۆری سیتا (Thematic Ө). پ. تیۆری سنووردار کردن (Bounding). ت. تیۆری دۆخ (Case). ج.تیۆری دەسەڵات (Government). د. تیۆری بەستنەوە (Binding). هەموو ئەو تیۆرییانەی سەرەوە ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە پێکدەهێنن، "تیۆری بەستنەوە لە چێوەی تیۆری REST ی ڕێزمانی گواستنەوەی چۆمسکی Chomsky دا ئاستێکی کۆتوبەندی سنووردارکەری سێمانتیکییە semantic constraints ، کە << پەیوەندیی جێناوە بۆگێڕدراوەکان<< pronoun-anaphor relations و گۆڕینێوکەکان variable بە >>بۆگەڕاوەکان << یانەوە ڕێکدەخات. کۆتوبەندی سنوردارکەری بەستنەوە وەک ئەو پاڵێوەرە سێمانتیکییانە کاردەکات، کە پەیوەندییەکانی ئاماژەبەندەکانی reference relations نێوان فرێزە ناوییە _ هاونیشانەکراوەکان لە دروستە فۆرم دروستەکاندا دەردەخسێنن". (مەحویی 2010A، 35-36)

2-1/ تیۆری بەستنەوە (Binding)

پێکهێنەرەکانی لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدان لەگەڵ یەکتر و بە یەک بەستراونەتەوە، ئەم تیۆرە لە دابەشبوونی فرێزەکان لە ناو ڕستەدا دەدوێت و بڕیار لە سەر ئەو شوێنانە دەدات، کە پێویستە لەگەڵ فرێزی تردا هاوئاماژە بین، بە تایبەتی سەرچاوەی هاوبەشی نێوان دوو کەرستە لە ڕستەیەکدا، هەروەها گرنگیی بە دەوروبەری ڕێزمانیی دەدات، کە بڕیار لە سەر ئەم هاوبەشییە دەدات، هاوسەرچاوەیی و هاوئاماژەی دوو پێکهاتە پێی دەگوترێت بەستنەوە. (دزەیی 2013، 116) تیۆری بەستنەوە "بەشێک لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە پێکدێنێت و لە چوارچێوەی تیۆری ستانداردا پەیوەندی نێوان جێناوەکان و بۆگەڕاوەکانیان بە هاریکاری گواستنەوە ڕێزمانییەکان دەستەبەر دەبێت". (ئ. قادر 2017، 149) تیۆری بەستنەوە لەگەڵ تیۆری حوکمکردندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە تیۆری GB دا، وەك بیرۆکەیەکی تازە لە زماندا خرایەڕوو، تەنانەت بووە بەشێك لە ناونیشانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە. (ت. قادر 2011، 49)

بە شێوەیەکی گشتیی دابەشبوونی فرێزەکانی ناو ڕستەیەک ڕێکدەخات و ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات، کەواتە تیۆری بەستنەوە خۆی بە دیاریدەی هاوئاماژەیی و هاونیشانەکانی نێوان فرێزەکانی ناو ڕستەوە خەریکدەکات. (مەعروف 2009A، 19-20) تیۆرەکە لە سەر بنەمای جێناوە خۆیی و جێناوی کەسیی سەربەخۆ و دەربڕە ئاماژەدەرەکان/ ناوە تایبەتییەکان، یاساو ڕێساکانی دادەڕێژێت، بەپێی جیاوازیی بەستنەوە و مارکەڵێدانی هەریەک لەو جۆرانەی فرێزی ناویی دەرکردەی واتایی جیاواز دەستدەکەون. لادانیش لەو بنەمایە ڕستەکە نارێزمانی دەردەچێت، واتە تیۆرەکە لە ڕووی فۆرمەوە باس لە سینتاکسی بەستنەوە دەکات. (مەعروف 2020، 46) واتە تیۆری بەستنەوە تیۆرێکی

sjh@univsul.edu.iq

سینتاکسیی – سیمانتیکییە، ئەویش بەو پێیەی بەستنەوەکە لە نێوان فریزەکانی ناو ڕستەیەکدیە (سەرچاوەی پێشوو، 98). ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی سەرەکیی لە دابەشبوونی فریزەکان لە ناو ڕستەدا بڕیار لە سەر ئەو شوێنانە دەدات کە فریزەکان پێویستە لە گەڵ فریزی تری هاوژێدەربن. (ناوخۆش 2005، 92)

لە تیۆری بەستنەوەدا بەستراو و ئازاد لە نێوان ناو و جێناوە سەربەخۆکاندا لە پێکهاتەی ڕستەیەکی زمانەکەدا دروست دەبێت، مەبەست لە بەستراو جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەشە. (A Asudeh 2006, 23) واتە تیۆری بەستنەوە بە شێوەیەکی گشتی لە دیاردەی هاوئاماژەیی (co-referential) نێوان فریزە ناوییەکانی ناو ڕستە دەکۆڵێتەوە و دیاریی دەکات، لەگەڵ کاتیگۆرییە بەتاڵەکان. فریزی ناویی بە پێی تیۆری بەستنەوە بۆ: ئەنافۆر، جێناوی کەسیی، دەربڕاوی بۆگەڕاوە/ ئاماژەدەر پۆلدەکرێت. (ت. قادر 2011، 50) ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا جەختی لە سەر کراوە ئەوەیە، جگە لە جێناوی خۆیی و کەسیی چەند جێناوێکی تریش لە ژێر چەتری بۆگەڕاوەدا جێیدەبێتەوە، وەک جێناوی هاوبەش و جێناوی دیار و جێناوی نادیار.

لە سەرچاوەکانەوە چەند زاراوەیەکی هاوواتا بەکارهێنراون، وەک هاوئاماژە و هاوژێدەر ، ئەم توێژینەوە زاراوەی هاوئاماژە و جیائاماژە پەسەند دەکات.

2-2/ بنەما و پرەنسیپەکانی تیۆری بەستنەوە

تیۆری بەستنەوە سێ بنەمای هەیە:

2-2-1/ بۆگەڕاوە : وەک (جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش (یەکتر/ یەکدی) و جێناوی دیار (هەموو ، گشت) و جێناوی نادیار (یەکێ/یەکێک) ، لەناو کەتیگۆرە حوکمکەرەکاندا هەمیشە بەستراوەن.

جێناوی خۆیی بە سەربەخۆیی هیچ ئاماژەکارێکی نابێت، چونکە ئاماژەکارەکەی خۆی لە (بۆگەڕاوەکە)ی خۆی وەردەگرێت، بەمەش پەیوەندیی واتایی لە نێوانیاندا دروست دەبێ. بەستنەوەکە لێکدانەوەیەکی نادروستی دەبێ ئەگەر ئەنافۆر و بۆگەڕاوەکەی هاوئاماژە نەبن. (قادر 2009، 137)

جێناوە خۆییەکان هەمیشە بەستراوە و نا ئازادن، بۆ نمونە:

فەرهاد بە دەستی خۆی کێوی بێستونی نەخشاند.

تیۆری بەستنەوە


أ- نەوزاد خۆی نانەکەی کری.

i i

ب- *خۆ نەوزادی نانەکەی کری.

پ- *نەوزاد خۆ نانەکەی کری.

لە ڕستەی (أ)دا هەردوو ناو و بۆگەڕاوەکەی هاونیشانەن و ڕێککەوتنیان هەیە، بەڵام هەردوو ڕستەی(ب ، پ) بە هۆی پێشخستن، یاخود ڕێکنەکەوتنەوە ڕستەیەکی نارێزمانی بەرهەمهاتووە، واتە سێتە سینتاکسییەکە لە ڕووی ڕێزمانی و تەنانەت لە ڕووی واتاییشەوە نادروستە.




واتە بەستنەوەکە، لە نێوان هەردوو دەستە خوشکی فرێزی ناوییە (y - y)، (هەڵکارییەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەردوو تەواوکەرەکە هاوئاماژەی یەکترین لەڕووی کەس و ژمارەوە).

ڕێزمانی جێناوە سەربەخۆکان لە زمانی ئینگلیزیدا:

أ) جێناوە بکەرییەکان

| جۆری بەکارهێنانیان | جێناوی بکەری | Subject Pronoun |
|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاک | من | I |
| کەسی دووەمی تاک | تۆ | You |
| کەسی سێیەمی تاک (نێر) | ئەو | He |
| کەسی سێیەمی تاک (مێ) | ئەو | She |
| تاکی بێ گیان | ئەو | It |
| کەسی یەکەمی کۆ | ئێمە | We |
| کەسی دووەمی کۆ | ئێوە | You |
| کەسی سێیەمی کۆ | ئەوان | They |

1) جێناوە خۆییەکان (بۆگەڕاوە) (Anaphor) لە زمانی ئینگلیزیدا:

Reflexive pronouns in English language: -" جێناوە ئاماژەییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا: First person کەسی یەکەم

Singular myself تاک

Plural ourselves کۆ

Second person کەسی دووەم

Singular yourself تاک

Plural yourselves کۆ

Third person کەسی سێیەم

Singular - masculine himself تاکی نێر

- feminine herself تاکی مێ

- non-persinal itself تاکی بێلایەن

Plural themselves" کۆی هەردووکیان. (Nelson 2013, 48)

2) جێناوی هاوبەش لە زمانی ئینگلیزیدا: یەکتر (بۆ دوو کەس) each other

یەکتر (بۆ سێ کەس) one another

بۆ نمونە:

-<u>These two boys</u> help <u>each other</u>. ئەو <u>دوو کورە</u> یارمەتی <u>یەکتریان</u> دا.

i i

-<u>These three boys</u> help <u>one another</u>. ئەو <u>سێ کورە</u> یارمەتی <u>یەکتریان</u> دا.

i i

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت لە زمانی کوردیدا دەشێت لە دوو ناو زیاتریش بێن وەک پێشینەیەک و (لەگەڵ یەکتر) و (یەکتریان) وەک بۆگەڕاوەیەک لەگەڵیاندا بەکاربهێنین. بۆ نمونە:

- ئازاد و نەوزاد و (دانا) و (زانا) لەگەڵ یەکتر ئاشت بوونەوە.


i i

- ئازاد و نەوزاد و (دانا) و (زانا) و (بەرهەم) هاوکاریی یەکتریان دەکرد.


i i

لە زمانی کوردیدا لە یەکێک زیاتر دەبێتە کۆ، لەگەڵ جێناوی هاوبەشی (یەکتر) هاوئاماژە دەبن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر دووان بوو، هاوئاماژەییەکەی (each other)، بەڵام ئەگەر لە دوو زیاتر بوو ئەوا فۆرمی (one another) وەردەگرێت.

3- John saw his mother.





4- He voted for himself.





ئەگەر بەراوردی هەردوو جێناوی خۆیی لە زمانی کوردی و ئینگلیزی بکەین، دەبینین لەهەردووکیاندا پێشینە و بۆگەڕاوە هاوئاماژەن و بەستراوەن. لە ڕستەیەکی تردا جێناوی خۆیی دەچێتە بەشی کرداریەکەوە، وەک: - دییە خۆی دەشوات.

sjh@univsul.edu.iq




لەو ڕستەیەی سەرەوەدا (دییە) حوکمی جێناوی خۆیی (خۆی) ناکات و دەسەڵاتی بە سەرییەوە نییە، بەڵام لە ڕووی کەس و ژمارەوە دوو یەکەی هاوئاماژەی یەکترین. (خالید 2013، 94)

-*John$_i$ washed himself$_i$* .





لە هەردوو ڕستەکەدا بۆگەڕاوە لەگەڵ پێشینەکانیان هاوئاماژەن و بەستراوەن، کەواتە جێناوی خۆیی لە هەردوو زماندا وەکو یەکن.

ب- جێناوی هاوبەش: "بەو جێناوانە دەوترێ، کە هاوبەشیی نێوان دوو کەس، یان دوو شت دروست دەکات". (خۆشناو 2015، 48)


لەم ڕوانگەیەوە ناکرێت بە هیچ جۆرێ لە زمانی کوردیدا جێگۆڕکێ بە فرێزە ناوییەکان بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ جێناوە هاوبەشەکانیش پاش و پێش بخرێن چونکە لەم پرۆسەیەدا ڕستەی نارێزمانی لێدەکەوێتەوە. (ناوخۆش 2005، 95) فۆرمەکانی (یەکتر) و (یەکدی):

- ئەوان یەکتر دەبینن.





- They voted for each other. (A Asudeh 2006, 23) ئەوان دەنگ بە یەک دەدەن.

- ئازاد و نەوزاد لەگەڵ یەک ئاشت بوونەوە.



- ئەوان یەکتریان خۆشدەوێت.




-<u>They</u> love <u>each other</u>.

i i

پ- جێناوی دیار: هەردوو فۆرمی (هەموو) ، (گشت) بەستراوە و هاوئاماژە دەبن لەگەڵ فرێزە ناوییەکاندا. واتە پەیوەندییە هاوئاماژەییەکە لە نێوان ناوێک یان جێناوێکی سەربەخۆ، لە ڕووی ژمارەوە هەمیشە کۆن لەگەڵ (هەموومان/ هەمووتان/ هەموویان) و (گشتمان / گشتتان / گشتیان) . بۆ نمونە:

<u>قوتابییەکان</u> <u>هەموویان</u> زیرەکن. –The pupils are all smart.

i i

<u>ئێمە</u> <u>هەمووومان</u> کوردین. – We are all kurds.

i i

<u>ئەوان</u> <u>گشتیان</u> دەرچوون. –They all succeeded.

i i

ت- جێناوی نادیار: فۆرمی (یەکێ/ یەکێک) دەبێت لەگەڵ هاوئاماژەکەیدا بەستراوە بێت، کە لەگەڵ کرداری (بوو) دا بەکاردێت:-

من یەکێ/ یەکێک بووم لەوان. - ئێمە یەکێ/یەکێک بووین لەوان.

I was one of them.    We were one of them.

تۆ یەکێ/ یەکێک بوویت لەوان. – ئێوە یەکێ/ یەکێک بوون لەوان.

You were one of them. You were one of them.

ئەو یەکێ/ یەکێک بووØ لەوان.  - ئەوان یەکێ/ یەکێک بوون لەوان.

He was one of them.   They were one of them.

ئەوان یەکێ بوون لە هاوڕێ دێرینەکانم.

تۆ یەکێک بوویت لە کەسە دڵسۆزەکان.

شێرکۆ بێکەس یەکێک بووØ لە شاعیرە نوێخوازەکان.

i i

2-2-2/ جێناوەکان کەسییە سەربەخۆکان/ جێناوە کەسییەکان وەک بەرکار خۆی دەنوێنێت و هیچ پەیوندییەکی بە بکەری ڕستەوە نییە، بەپێی ئەم بنەمایە جێناوەکان ئازادە لە مەودای دەسەڵاتی کەتیگۆرییەکەی خۆیدا. (قادر 2009، 141) بۆ نمونە:

- دڵشاد ئەوی بینی.
  فریزی (ئەو) ئاماژە نییە بۆ (دڵشاد).
- من تۆم بینی.
  j i
- ئازاد پێی وایە، کە ئەو شارەزایە.
  j i
  i i
- ئەو پێی وایە، کە ئەو شارەزایە.
  j i

لێرەدا (ئەو)ی یەکەم دەسەڵاتی پێکهاتەیی بە سەر (ئەو)ی دووەمدا نییە، بۆیە ئازادە.

Carol said that she was happy."( (Abusalim 2020))

i i

Carol said that she was happy.

i j

Carol said that she loved her.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

i j i

*Carol said that she loved her.

i i i

جێنـاوە کەسـییە سـەربەخۆکان دەبێـت ئـازاد بـن، بەڵام لە هەردوو زمـانی کـوردی و ئینگلیزیـدا دەشـێت جێنـاوەکە لەگەڵ پێشینەکانیان (بە مەرجێک ناو بێت) هاوئاماژە بن و ببەسترێنەوە. (سارا حسەین خالد) دەڵێت ئەم پرەنسیپە پراوپڕ لەگەڵ زمانی کوردیدا ناگونجێت، چونکە جێناوەکان هەمیشە لە ناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکانیاندا ئازاد نین. (خالید 2013، 99) بەڵام نمونەکـان ئەوە دەخەنە ڕوو، کە لە زمـانی ئینگلیزیشـدا بەهەمانشـێوە دەشـێت ئـازاد نەبـن، ئەگەر ئەمە بـۆ زمـانی کوردی نەگونجێت ئەوا بۆ زمانی ئینگلیزیش ناگونجێت.

بەڵام جێناوی کەسیی و ناوە تایبەتییەکان هەمیشە ئازادن، واتە نابێت ببەسترێنەوە.

أ) من ئەوم بینی.

i j

ب) ئەو ئەوی خۆشدەوێت.   *ئەو ئەوی خۆشدەوێت.

j i   i i

پ- *من منم بینی.

i i

ت) *نەوزاد نەوزادی بینی.

i i

دانا وادەزانێت ئەو دەرنەچووە لە تاقیکردنەوەکەدا.

John thinks Mary will help him.

3-2-2/ دەستەواژە ئاماژەییەکان: سەرچاوەی هەر ناوێک دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک، یان شتێک لە جیهانی دەرەوەدا دێت، تیـۆری بەسـتنەوە لە نێـوان نـاو یـان جێنـاوە سـەربەخۆکەدا لەگەڵ ئامـاژە پێـدەرەکە ئـازادە. "مەبەسـت لە دەسـتەواژە ئاماژەدەرەکان، ئەو فرێزە ناویانەی لە پێکهاتەی ڕستەدا نـاو دەیـاننوێنن و ڕۆڵـی ڕێزمـانی جیـاواز دەبینن، بەگشـتی وەک نیشانەو ئاماژە دەبێتە پێشینە نەک بۆگەڕاوە، بۆیە هەمیشە ئازادە". (ئ. قادر 2017، 154)

سەلام لە سەگەکەی دا.

j i

زانا نامەکەی خوێندەوە.

j i

فرێزی ناوی (سەگەکە) لە سنوری ڕستەکەدا ئازادە و ئاماژە بە ئاژەڵێکی نادیار دەکات، کە هیچ ئاماژەیەکی لە سنوری ڕستەکەدا نییە و بە هیچ فرێزێکی تری ناو ڕستەکەوە نەبەستراوەتەوە.  (قادر 2009، 142) واتە بۆ ڕستەیەکی سادە

sjh@univsul.edu.iq

لە زمانی کوردیدا ئەم بنەمایە گونجاوە، بەڵام جێناوە سەربەخۆکان هاوئاماژەن لەگەڵ پێشینەکە بەپێی کەس و ژمارە لەگەڵ پێشینەکە هاوئاماژە دەبن.

زانا زیرەکە، ڕەنگە ئەو یەکەم بێت.

i i

منداڵەکان بە خۆیان گوت، کە ئەوان باش دەبن.

j/i i i

The kids told themselves that they would be fine. (TUTOR 2017)

i i i/j

هەردوو ڕستەکەی سەرەوە ئەوە نیشان دەدەن، کە ناوەکە و جێناوەکە هاوئاماژەن و بەستراوەن، دەشێت ئازادیش بن.

ئەنجام:

1) لە تیۆریی بەستنەوە سێ بنەما بۆ بەستنەوە لە نێوان پێشینە و بۆگەڕاوە و جێناوە سەربەخۆکان و ئاماژەدەرەکان لە بنەمای یەکەمیاندا بەستراوەن و لە بنەمای دووەم و سێیەمدا ئازاد دەبن، ئەم پرەنسیپانە لەگەڵ زمانی کوردی و ئینگلیزیدا گونجاون.

2) لە نمونەکانەوە ئەوە ڕوون بووەوە کە جگە لە جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش، دوو جێناوی تریش کە بریتین لە جێناوی دیاری (هەموو / گشت) ، جێناوی نادیاری وەک (یەکێ/یەکێک) دەتوانن وەک بۆگەڕاوەیەک لەگەڵ پێشینەکانیان هاوئاماژە بن.

3) بنەمای دووەم جێناوە کەسییە سەربەخۆکان هەمیشە ئازادن، بەڵام ئەگەر پێشینەکە ناو بێت ئەوا دەبەسترێنەوە.

4) نمونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هاوبەشییەکی تەواو لە نێوان هەردوو زمان هەیە، جگە لە جێناوە کەسییە لکاوەکان ((کە لە زمانی ئینگلیزیدا بوونیان نییە))، دەشێت لەگەڵ کەرەستەی بکەردا هاوئاماژەبن بەوپێیەی ژمارە و کەسی بکەر دیاریدەکەن.

5) لە جێناوی هاوبەشدا لە زمانی کوردیدا بە دوو فۆرم دەردەکەوێت لەگەڵ پێشناوی (لەگەڵ) وەک لەگەڵ یەکتر وەک فرێزێکی پێشناوی ئەرک دەبینن بەڵام لەگەڵ پێشینەکانیان هاوئاماژە دەبن، هەروەها بە فۆرمی (یەکتر + جێناوی کەسیی لکاوی یەکەم و دووەم سێیەمی کۆ) وەک (یەکترمان – یەکترتان – یەکتریان)... بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە هەردوو فۆرمی (each other) و (one another)، یەکەمیان بۆ دوو کەس دەبێت و دووەمیش بۆ سێ کەس دەبێت و وەک (بۆگەڕاوە anaphor) لەگەڵ پێشینەکەی هاوئاماژە دەبن و دەبەسترێنەوە.

سەرچاوەکان:

أ- بە زمانی کوردی:

✓ ئەبوبەکر عومەر قادر. "شرۆڤەکردنی ڕستەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا." *گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بەرگی(3) ژمارە (4)*، 2017: 128-158.

sjh@univsul.edu.iq

- ✓ ئەورەحمانی حاجی مارف. *ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم وشەسازی بەشی دووەم جێناو*. بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، 1987.
- ✓ تارا موحسین قادر. *زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام (نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە)*. سلێمانی: کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی، 2011.
- ✓ سارا حسەین خالید. *ئەنافۆر لە زمانی کوردیدا (نامەی ماستەر)*. سلێمانی: کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2013.
- ✓ سەباح ڕەشید قادر. *هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا*. هەولێر: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، 2009.
- ✓ سەلام ناوخۆش. *پوختەیەک دەربارەی زمانناسی*. هەولێر: چاپخانەی چوارچرا، 2005.
- ✓ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف. *لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی*. سلێمانی: بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، 2020.
- ✓ عەبدولجەبار مستەفا مەعروفA. *دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا*. سلێمانی: کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی، 2009.
- ✓ عەبدولجەبار مستەفا مەعروفB. "ڕێککەوتن و بەستنەوە لە شیکردنەوەی واتای دەقدا."*گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، 2020: 90-109.
- ✓ عەبدولواحید موشیر دزەیی. *ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە*. هەولێر: نوسەر، 2013.
- ✓ کۆڕی زانیاریی کورد. *ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی*. سنە: انتشارات کوردستان، 2018.
- ✓ محەمەدی مەحویی ، کاروان عومەر قادر ، شیلان عومەر مەحوییA. *دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا*. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، 2010.
- ✓ نوری عەلی ئەمین. *ڕێزمانی کوردی*. سلێمانی: چاپخانەی کامەران، 1960.
- ✓ نەریمان عەبدوڵا خۆشناو. *ڕێزمانی کوردی*. هەولێر: چاپ حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2015.

ب- بە زمانی ئینگلیزی:

- ✓ M Dalrymple A Asudeh" .Binding Theory ".*Elsevier*..31-23 :2006 .
- ✓ Sidney Greenbaum and Gerald Nelson .*An introduction to English Grammar* . British : British library cataloguing in publication data.2013 .
- ✓ TREV TUTOR .*Binding Domain* .2017 , 5 19 . https://www.youtube.com/watch?v=U6McDsR9YeA.(2021)
- ✓ Nimar Abusalim .*https://www.youtube.com/watch?v=U6McDsR9YeA*.2020 ,12 30 .


sjh@univsul.edu.iq

**الخلاصة**

هذا البحث الموسومة ب(المقارنة الخلفية و الضمائر بين اللغة الكردية والانجليزية وِفقَ نظرية (الربط)، تسلطَ الضوء على الخلفيات في المصادر المعنية المسبقة في اللغة الكردية.

نظرية الربط ينتمي إلى نظرية (السلطة والربط Government and Binding) للقواعد اللّغات العامة (U.G)، مبيناً فيها ربط مرجع مشترك و الضمائر مع الخلفيات للمكون الإسمي. هذه النظرية لديه ثلاث قواعد، في الأول الربط بينهم (أي بين الضمائر والمكون الإسمي للجملة) يكون مربوطاً تماماً، أي ذو صلة مع البعض، أمّا العلاقة في القاعدتان الثانية والثالثة العلاقة بين الضمائر المنفصلة والمكون الإسمي يكون حراً و غير مقيداً.

مع ذلك في القاعدة الأولى والثانية في اللغة الكردية فضلاً عن الضمائر، يمكن أن يشارك بعض المكونات الاخرى و يسيروا نفس حالة الضمائر الشخصية، مثل الضمائر المشتركة و الظاهرة والغير الظاهرة في اللغة الكردية و الإنجليزية، وفي بعض الأحيان يكون الضمائر الشخصية المنفصلة يمكن أن يكون مربوطاً وأحياناً حراً مع المكونات الإسمية لنفس الجملة، و خاصةً في الجمل المعقدة إذا كان الضمائر المنفصلة للجمل الملحقة مع المكونات الإسمية للجملة الأساسية يكون مربوطاً، في كلتا اللّغتين الكردية والإنجليزية.

**Abstract**

This paper, titled "Comparison of Anaphors and Pronouns in Kurdish and English According to Binding Theory", explores the use of anaphors in pre-existing sources of the Kurdish language.

Binding Theory, a part of the Government and Binding framework in Universal Grammar (UG), examines the relationship between anaphors, pronouns, and their antecedents within a sentence's nominative structure. The theory consists of three principles: the first establishes a strict connection between pronouns and their antecedents, while the second and third principles describe relationships where pronouns are independent and unrestricted in reference.

In both Kurdish and English, beyond personal pronouns, other linguistic elements—such as common, overt, and covert pronouns—can function similarly under the first two principles. Additionally, separate personal pronouns in both languages may either be directly linked to or remain independent of nominative components, especially in complex sentences. This linkage becomes particularly evident when pronouns in subordinate clauses connect to nominative elements in the main clause.

sjh@univsul.edu.iq